کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-7-2007 0:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مرۆڤ، تەوەرێکی بایەخدار و بوونەوەرێکی پڕ نهێنی! ... مەنسوور عەزیزی**

لەچوارچێوەی جەستەدا گەر چاو لە مرۆڤ دەکەین، قەوارەیەکی ورد یان هەندێک دروشت، چەند دەکیلۆ لە کێشدا و نزیک بە دووت متر یان تۆزێک کەمتر یان زیاتر لە بەرزیدا، ئەو شتە دیارانەن کە لەم بوونەوەرەدا، وەک بینین، دەیانبینین.



بەڵام مرۆڤ لەناخەوە بە پڕی و پانتایی و قووڕسی هەموو بوون، گەورەیی و قورسایی هەیە! لەخۆڕا نییە کاتێک بیرمان لە جێیەکە، لە چەند چرکە یان چەند خولەکدا، لق و پۆی بیری خۆمان بۆ هەموو دەوروبەری خۆمان دەهاوێژین و هەموو دەوروبەری خۆشمانمان دەوێت.
هەستی فرەویستی وهەمووشتێک ویستی، لەمرۆڤدا، لەناخیدا قەت کۆتایی پێنەهاتووە و پێنایە. خۆشەویستی، نازکردن، ڕق و تووڕەیی، پێکەنین، گریان، دەستەوئەژنۆبوون و سەرکەوتن، دۆڕان و دەیان کرداری دیکەی مرۆڤ بۆچین و لەبەرچین و ئاکامەکەیان دەبێتە چی؟!
ئەو کاتانەش کە هەست دەکەین بەزەیی دەمانگرێت و پێویستە بۆ لەنێونەچوون و نەڕووخانی پردێک هەنگاو هەڵێنین، دەبینین هەستێکی دیکە کە خۆی لە بەزەیی بەگەورەتر دەزانێت، دامان دەگرێت و پێشگرە لەو هەوڵەی وا پێویستە بدرێت لەپێناو پاراستنی ئەو پردەدا. ئایا جەستەیە کە ئەو کردارانەی دەوێت و سازێنەریانە؟ یان ئەوەی کە شتێکی دیکەی بەهێزتر لەپشت پەردەی جەستەوە شاردراوەتەوە؟! لێرەدایە کە وەڵامدانەوە دژوار دەبێت! ئاخر، لەکاتی نەخۆشیدا یان سەرەمەرگدا، مرۆڤەکان تووشی کەمویستی دەبن و تەنیا شتێک کە دەیانەوێت، سۆزە! هەر لەم کاتانەدا زۆر لاواز دەبنەوە و داوای لاوانەوە و دڵدانەوەیان هەیە لە دەوروبەریان! بەڵام لەکاتی بەهێزبووندا مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرکەشە و زۆر باکی لە دەوروبەری نییە! ئایا کاتی مەرگ، بۆ جەستە ئاگای لە خۆی نییە و سیستەم و میکانیزمی جووڵانەوەی لەبەریەک هەڵدەوەشێت؟! ئەی ئەو هەموو حەز و ڕق و تووڕەیی و پێکەنین و گریان و سەرکەوتن و دۆڕان و، قەرزدان و قەرزداربوون و چەکلوپیکانەی ڕۆژانی ژیان چییان لێهات؟!
بڵێی هەموو ئەو شتانە لە ئەندامەکانی جەستەدا حەشاراو بووبن و هەر بە ڕاستی ویستەکانی ئەندامانی جەستە بووبن و ئێستا ئیدی بە هاتنی مەرگ کۆتاییان پێهاتبێت و مەرگ ووشە و ئامرازی وەستێنەری ئەوان بێت؟!
یان " نا" جەستە تەنیا جلی شتێکی دیکەیە بەناوی " ڕۆح" و ئێستا ئیدی لە گەڵ جەستەدا ماڵاواییان لەیەکدی کردووە؟!
ئایا بڵێی گیانلەبەرانی دیکە هەمان جەستە و ڕۆحی ئێمەی مرۆڤیان هەبێت؟!
بڵێی گەر زمانیان هەبا ئەوانیش نەیاندەنووسی و شتیان دەرنەدەبڕی؟ ئەی ئەوان بۆ پرۆسەی پێشکەوتن و مودێرنیتە و بەجیهانیبوونیان نییە؟! ڕۆژی یەکەمی پەیدابوونیان و ئێستاشیان هەروەک یەکە! کەواتە ئێمە جیاین!! بڵێی ئێمە لە کوێوە هاتبین؟! وەک " مادە" لەئەوان دەچین! هاتووین و دەڕۆین و تێکەڵ دەبینەوە بە خاک! بڵێی ئایینەکان چەندە ڕاستیان پێیە کە هەموومان دەگەڕێننەوە بۆ یەکەم سەرچاوە؟! ئەم پرسیارانە سەیرن! لەوانەیە بۆ هەرکام لە ئێمە ڕۆژێک هاتبنە پێش و خۆمان لێدزیبێتەوە! بەڵام مافی خۆشمانە کە خۆمان بدزینەوە! ئاخر سەرچاوەکان ڕوون نین!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناخی هەر مرۆڤێک بە پانتایی ناخی هەموو مرۆڤەکانی سەرگۆی زەوی بەربلاوە! ناخی مرۆڤێک هی هەموو مرۆڤەکانە! ئاخر لە هەمووانداا چێژی ژیان، ترس لە مەرگ، زانین بە بوون و... هتد هەیە و وەک یەکە! ژیان بە هەموو تاڵی و شیرینییەکانیەوە بۆ هەمووان شیرینە! تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان دەکووژن، یان لە رقی ئەوەی کە ناهێڵن ژیانیان خۆش بێت یان بە تەمای ئەوەن کە لە ژیانێکی دیکە و جیهانێکی دیکەدا ژیانیان خۆش بێت، خۆ دەکووژن!

لە خۆکووشتنی تاکێک، یان لە یەکەم زریکەی لەدایکبوونی منداڵە ساوایەک، یان لە پیربوون و لاوازبوونی جەستەدا یان لە خۆشەویستی و گەرمداهاتنی ناخی مرۆڤەکاندا بە هۆی سۆز و ئازارەوە و بە گشتی لە هەموو ویستە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مرۆڤدا، بۆمان روون دەبێتەوە، کە خاوەن ناخێکی پڕ نهێنین و سەرچاوەی هاتن و ئاکامی رۆیشتنمان پڕ پرسیارە و دێین و دەڕۆین! بەڵام بۆ کوێ دەچین؟!... !

سەرسووڕمان و ماندووبوونی لەم بیرو پرسیارانە بۆ جاری دی!

بێدەنگی....... !!

25. 07. 2007 ی زایینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.